The Royal Wolverhampton
NHS Trust

# پشکنین بۆ نەخۆشینەکانی نێو خوێن – زانیاری بۆ گەنجان و بەخێوکەران

ناوەندی GEM

**پێشگرتن لە نەخۆشین لە هەموو بوارەکانی چاودێریی تەندروستیدا ئەولەویەتێکی سەرەکیە و هەموو کەسێک دەبێ ئەرکی خۆی لەم بوارەدا بە جێ بهێنێ.**

- **تکایە زوو زوو دەستەکانت خاوێن بکەوە و هەرجار بۆ ماوەی 20 چرکە بە سابوون و ئاو یان ئەگەر هەیە کهۆل پاکی بکەوە.**
- **ئەگەر هەر نیشانەیەکی سکچوون وە یا ڕشانەوە، کۆکە یان هەر نیشانەیەکی تری نەخۆشینی هەناسە، تا یان هەرجۆرە لەدەستدانی هەستی چەشتن یان بۆکردنت هەیە تکایە سەردانی نەخۆشخانە یان ناوەندەکانی تری چاودێریی مەکە و لە 111 ئامۆژگاری و ڕێنمایی وەربگرە.**
- **ژینگە خاوێن و ڕێکوپێک بپارێزە**
- **با پێکەوە کار بکەین ۆ ئەوەی نەخۆشینەکان لە نەخۆشخانەکان و خانووەکانی چاودێری دوور بخەینەوە.**

سەلامەت و کاریگەر | مێهرەبان و دڵسۆز | زیاتر لە ئاستی چاوەڕوانیت

ئەو پزیشکەی کە ئەمڕۆ سەردانت کرد پێشنیاری کرد کە تێستی خوێن بدەی. لە تێستی خوێندا بە دوای ئەم نەخۆشینانەدا دەگەڕێن: هەپاتیتی B؛ هەپاتیتی C؛ ڤایرۆسی ناتەواویی بەرگریی لەشی مرۆڤ (HIV)، و سیفیلیس. گرنگە کە تێبگەی و بزانی بۆچی ئێمە داوات لێ دەکەین کە تێست بدەی، چونکە بە دەستی خۆتە کە تێستی خوێن بدەی یان نەیدەی.

## ۆن ڕەنگە تووشی ئەم نەخۆشینانە بوویێتم؟

ئەم نەخۆشینانە دەکرێ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگوازرێنەوە. ئەم نەخۆشینانە دەکرێ لە دایکەوە بگوازرێنەوە بۆ منداڵی لەدایکنەبووی. هەندێ لە منداڵان بە هەندێ نەخۆشینەوە لە دایک دایک دەبن کە خەبەریان لێی نیە هەتا زۆر گەورە دەبن.

ڕەنگە پزیشکەکەت پێیوابێت کە تۆ لە مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشیندا بوویتە چونکە لە ناوچەیەکی جیهانەوە هاتووی کە لەوێ نەخۆشینەکان باوترن. لە ماوەی سەفەرکردن بۆ ئینگلاند، هەندێ منداڵ ئازار دەبینن یان ڕەنگە بخرێنە بارودۆخێک کە تووشی نەخۆشین بن.

دوایین شت، ڕەنگە ئەم نەخۆشینانە بە سێکس‌کردن یان لەڕێگەی خوێنەوە بگوازرێنەوە بۆ نموونە، ئەگەر تۆ دەرزیی کەسێکی تر بە کار بهێنی کە نەخۆشە، ڕەنگە نەخۆشینەکە بگوازرێتەوە بۆ تۆ.

## چی چاک وایە بزانم کە ئایا تووشی نەخۆشین بوومە یان نە؟

زۆربەی کەسانێک کە نەخۆش دەکەون، بەتایبەت ئەگەر لەگەڵ ئەو نەخۆشینە دایک بووبێتن، ماوەیەکی زۆر هەست بە تەندروستی دەکەن. بەڵام نەخۆشینەکە هەر زیانیان پێ دەگەیەنێ. لەوانەیە کەسێک هاوکات دوو نەخۆشیی هەبێ.

هەموو نەخۆشینەک دەرمان ناکرێ، بەڵام دەرمان ڕێگە دەگرێ لە خراپتربوونی نەخۆشینەکە، و مرۆڤ بە تەندروستی دەهێڵێتەوە. هەموو ئەم نەخۆشینانە، ئەگەر دەرمان و چاودێری نەکرێن، دەتوانن ببنە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەتوندی نەخۆش بکەوێ یان بمرێ.

چارەسەرەکانی HIV ئەوەندە باش بوونە کە ئێستا دەکرێ مرۆڤی تووشبوو تەمەنێکی ئاسایی و تەندروستی هەبێ، و ژنانێکیش کە HIVیان هەیە دەتوانن منداڵیان بێ بێ ئەوەی منداڵەکە تووشی ئەم ڤایرۆسە بێ.

هەروەها گرنگە کە بزانی نەخۆشینێکت هەیە یان نە، بۆ ئەوەی بزانی چۆن ڕێگە بگری لە گواستنەوەی بۆ کەسانی تر.

## تێستەکە چۆن ئەنجام دەدرێ و کێ دەزانێ کە ئایا من نەخۆشینم هەیە یان نە؟

بە دەرزی، ئاساییانە لە نزیکی ئەنیشکت، خوێنت لێ دەگرن. ئەمە لەلایەن خوێنگر (کەسێک کە کاری تێستکردنی خوێنە) ئەنجام دەدرێ و ئاساییانە دەرەنجامی تێستەکە لە ماوەی سێ هەفتەدا دێتەوە.

ئەو پزیشکەی کە ئەمڕۆ بینیوتە پەیوەندیت پێوە دەکاتەوە. ئەگەر تێستی خوێن نیشان بدا کە تۆ هیچ نەخۆشینێکت نیە، نامەیەک بۆ دەنێرن.
ئەگەر نا، کاتێکی چاوپێکەوتنی ترت بۆ دیاری دەکەن بۆ تاوتوێکردنی دەرەنجامەکان.

دەرەنجامەکانی تێستی خوێنی تۆ دەدرێ بە تۆ و پزیشکی گشتیت، و ئەو پزیشکانەی تر کە چاودێریت دەکەن بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشینەکەت. بە هیچ کەسێکی تر ناوترێ مەگەر خۆت بتەوێ. دەکرێ کە تۆ بۆ پاراستنی سەلامەتیت یارمەتی وەربگری وە ڕەنگە بتەوێ لەمبارەوە لەگەڵ کەسێکی گەورەساڵ کە مەتمانەت پێی هەیە قسە بکەی.

## ئەگەر یەکێک لەم نەخۆشینانە لە خوێنمدا هەبێ، چی ڕوو دەدا؟

پزیشکێکی پسپۆڕ پشکنینت بۆ دەکا. ئەو لەبارەی ئەو چارەسەرەی کە پێویستە بۆت لەگەڵت قسە دەکا، و هەماهەنگی دەکا بۆ ئەوەی زوو زوو تەندروستیت بپشکێنرێ.

## بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی هەریەک لە نەخۆشینەکان ئەمانە بخوێنەوە:

### ڤایرۆسی هێپاتیتی B چیە؟

هێپاتیتی B ڤایرۆسێکە کە کاریگەری لەسەر جەرگ دادەنێ. دەتوانێ جەرگ بریندار بکا و زیانی پێ بگەیەنێ، و لە هەندێ کەسدا دەتوانێ ببێتە هۆی شێرپەنجەی جەرگ.

## ڤایرۆسی هێپاتیتی C چیە؟

هێپاتیتی C ڤایرۆسێکی ترە کە دەتوانێ زیار بە جەرگ بگەیەنێ. لە زۆربەی خەڵکدا زیانی ئەمە بۆ جەرگ کەمە، بەڵام لە هەندێ کەسدا دەتوانێ لە تەمەنی گەورەساڵی دا زیانی جددی بگەیەنێ یان ببێتە هۆی شێرپەنجە.

## HIV چیە؟

HIV ڤایرۆسێکە کە هێرش دەکاتە سەر سیستمی بەرگریی لەش کە دژی نەخۆشین شەڕ دەکا (واتە سیستەمی لەشپارێز). ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە لەش لە بەرامبەر ئەو نەخۆشینانەدا کە لەشێکی تەندروست چاریان دەکا شەڕ نەکا.

# سیفیلس چیە؟

سیفیلیس نەخۆشینێکی بەکتریاییە کە یان لەڕێگەی سێکس کردنەوە مرۆڤ تووشی دەبێ، یان لە دایکێکەوە کە لە ماوەی دووگیانیدا ئەم نەخۆشینەی هەبووە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکەی. ئەمە سەرەتا دەبێتە هۆی ناسۆر و سووربوونەوەی پیست، و دواتر وا دەک کە مرۆڤ هەست بە نەخۆشین بکا. ئەگەر چارەسەر نەکرێ، دەتوانێ بەشگەلی جیاجیای لەش بگرێتەوە، لەوانە مێشک، و ببێتە هۆی مەرگ.

منداڵانێک کە بە سیفیلیسەوە لە دایک دەبن ڕەنگە چەندین بەشی لەشیان زیان ببینێ، لەوانە مێشک، ئێسک، و ددان.

سیفیلیس ئاساییانە بە ئانتیبایۆتیک چارەسەر دەکرێت.

**ئەگەر ئەم زانیاریانەت بە شێوازێکی تر دەوێ بۆ نموونە «خوێندنەوەی ئاسان» یان بە زمانێکی تر، تکایە پێمان بڵێ.**

**ئەگەر پێویستت بە وەرگێڕی زارەکی یان یارمەی هەیە، تکایە پێمان بڵێ.**

## Lithuanian

**Jeigu norėtumėte, kad informacija jums būtų pateikta kitu būdu, pavyzdžiui, supaprastinta forma ar kita kalba, prašome mums apie tai pranešti.**

**Jeigu jums reikia vertėjo ar kitos pagalbos, prašome mums apie tai pranešti.**

## Polish

**Jeżeli chcieliby Państwo otrzymać te informacje w innej postaci, na przykład w wersji łatwej do czytania lub w innym języku, prosimy powiedzieć nam o tym.**

**Prosimy poinformować nas również, jeżeli potrzebowaliby Państwo usługi tłumaczenia ustnego lub innej pomocy.**

## Punjabi

**ਜੇ ਤੁਹਾਨੂੰ ਇਹ ਜਾਣਕਾਰੀ ਕਿਸੇ ਹੋਰ ਰੂਪ ਵਿਚ, ਜਿਵੇਂ ਪੜ੍ਹਨ ਵਿਚ ਆਸਾਨ ਰੂਪ ਜਾਂ ਕਿਸੇ ਦੂਜੀ ਭਾਸ਼ਾ ਵਿਚ, ਚਾਹੀਦੀ ਹੈ ਤਾਂ ਕਿਰਪਾ ਕਰਕੇ ਸਾਨੂੰ ਦੱਸੋ।**

**ਜੇ ਤੁਹਾਨੂੰ ਦੁਭਾਸ਼ੀਏ ਦੀ ਜਾਂ ਸਹਾਇਤਾ ਦੀ ਲੋੜ ਹੈ ਤਾਂ ਕਿਰਪਾ ਕਰਕੇ ਸਾਨੂੰ ਦੱਸੋ।**

## Romanian

**Dacă aveți nevoie de informații în alt format, ca de exemplu caractere ușor de citit sau altă limbă, vă rugăm să ne informați.**

**Dacă aveți nevoie de un interpret sau de asistență, vă rugăm să ne informați.**

## Traditional Chinese

如果您需要以其他方式了解信息，如易读或其他语种，请告诉我们。

如果您需要口译人员或帮助，请告诉我们。

Department of Clinical Illustration, New Cross  :دیزاینکەر و بەرهەمهێنەر
01902 695377 :تەلەفۆن ،Hospital, Wolverhampton, WV10 0QP